کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-5-2007 21:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کامیل گیان سەر بنێوە بە سەربەزی نەک هەزار ساڵ بژێیت بە زەلیلی ... عەلی مەحمود محەمەد

هەموو کات لە هەموو شۆڕش و بزووتنەوەیەك، خەڵكانی تێكۆشەر و خەباتكەر دەبنە سوتەمەنی، شۆڕش كە دەگاتە قۆناغی دورینەوەی ڕەنج، هەلپەرستان وەك موی بەر لووت ئامادەن، بە قەپێك ڕەنجی ئەوانی دی هەموو لوش دەدەن، ئەگەر ژیان خەڵكانی هەلپەرستی تێدا نەبوایا، ئەوا كۆمەڵیش ئەم هەموو كامیلەی ئێستای تێدا نابوو، لە چاوەڕوانی مەرگدا ژمارەی هەناسە ژهراوییەكانی بژمێرێت، نازانم كامیل گیان لای تۆ عوزرائیل ناشرینترە یان ئەو بەرپرسانەی بازرگانی بە مەرگتەوە دەكەن؟.



كامیل گیان ئاساییە خۆزگە بەو كاتە بخوازیت فرۆكەكانی بەعس ژەهر بارانی شارەكەتیان كرد، جەستەی تۆش جەستەیەكی ساردو سڕی ناو ئەو وێنانە بوایایە و گیرفانی بەرپرسانی هەنووكە پڕ بكردایە، خۆ ئەوانەشی لە نگرە سەلمان گەڕانەوە زۆریان حەسرەت بەوە دەخوازن ببونایەتە پارووبیەكی سەگە ڕەشەكەی حەجاج، وەلێ نەهاتنایەتەوە بۆ ئەو دۆزەخەی ناوی هەرێمی كوردستانە.

ئاخ كامیل گیان ئەمڕۆ بە كاڵی و بە كوڵاوی بازرگانی بە خوێن و ئێش و ئازارەكانتانەوە دەكرێت، ئێوە باشترین دوكان بوون لە ماوەی ئەم 19 ساڵە بۆ دەسەڵاتدارانی كورد، هەرچی مرۆڤ دۆستی جیهانە، حۆزگە بەوە دەخوازێت سەردانتان بكات و لە نزیكەوە نیگا بداتە ئێش و ئازارەكانتان، لە هاڕەی هەناسەو دڵۆپەی ئاوی چاوتان بڕوانێت، بە دەم بینینی برینەكانتانەوە غەم دایبگرێت، كەچی زیاتر لە ساڵێكە وەزیری شەهیدان سوێندی بە دڵسۆزی بۆ ئێوەو خوێنی شەهیدان خواردووە، تازە دێتەوە بیری سەر لە شارەكەتان بدات! ئەمە لە هەر وڵاتێكی دیكە بوایا گەورەترین شەرمەزاری بوو، نازانم كە هات گوێبیستی ترپەی دڵە گەورەكەت و ژمارەی هەناسە گەرمەكەت بووە؟، كە هات ژیانی بۆت هێنا، یان تەپ و تۆزی ئۆتۆمۆبێل؟ ئومێدی چاند یان ڕەشبینی؟.

كامیل گیان ڕۆژانە گاڕان گاڕان لە دزو ماستاو چییەكان، لە مەسینە هەڵگرو درۆزنەكان، لە سۆزانی و دەڵاڵەكان، بۆ كەیف و سەفا ڕەوانەی هاندەران دەكرێن، كەچی هەموو دەرگایەك لە بەردەم هەناسەی ئێوە داخوارە، جاران دەیانووت هەناسەی ئاشقان و وەك چۆلەكە وایە، سنوور ناناسێت؟، كەچی ئێستا ئەوەتە هەناسەی دڵدارانیش زیندانی دەكرێت، دەبنوو چاوەكەم، سەر بنێ سەر سەرین و هەڵمەستەوە، بۆ كوێ هەڵدەستیتەوە، ژیان بۆ ئێمە هەموو ڕۆژێكی مەرگ و زیندوبونەوەیەكە، تۆ مەگەر لە ماوەی ئەم 19 ساڵە ڕۆژانە چەند جار مردیت و زیندوو بویتەوە بۆ مەرگەسات، دەبڕۆ بڕۆ بۆ جیهانەكەی عومەر خاوەر و جەلادەتی كۆتر و مەمامۆستا غازی و...، بڕۆ بۆ دیداری كەس و كارەكانمان لە نگرە سەلمان و ... .. پەیامەكانی ئێمەیان پێ بگەیەنە، پێیان بڵێ قەت بیر لەوە نەكەنەوە هەڵە بكەن و ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆیان یان ڕوحیانەتی پاكیان بگەڕێتەوە ئەم دەڤەرە، پێیان بڵێ ژیانی بن لمەكان، بوون بە خۆراكی دەم سەگەكانی، گەلێك مەزنترە لە زندگی بەردەست بازرگانان، هەر دەقەیەكی سەربەرزی زۆر سەربەرزانەترە لە هەزار ساڵی زەلیلی.

كامیل گیان دەبنوو هەڵمەستەوە بۆ ژیانێك لەم جیهانە تاڵە، كە هەموو چركەیەكی دۆزەخێكە بۆ ئێمە، كامیل گیان بنوو هەڵمەستەوە، بە هیوای دیدارت لە بەهەشتی سەربەرزی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاوەدەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.